ژینۆ عەبدوڵا

# ڕەهەندەکانی دیاردەی سێکس لە چیرۆکەکانی "ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی"دا



# پێشـەکی و پێناسـە

لەو چیرۆکنووسانەی کە بەردەوام لە ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی رابوردووەوە بەرهەم پێشکێش دەکەن و دەتوانین ریزبەندی بکەین لە تەک تەوژمی نوێی دەستەی دوای "حوسێن عارف و مستەفا ساڵح کەریم و جیهان عومەر و محەرەم محەمەد ئەمین و جەمال بابان و محەمەد مەولود – مەم– و کاوس قەفتان و... هتد). ئەو تەوژمەی کە مامۆستا حەسەن جاف بەوە دیاریی دەکات کە «ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە پاش ساڵی ١٩٧٠ بڵاو کراونەتەوەو هەموو ئەو دیاردە و تەکنیکەیان تێدا بەکار هێنراوە کە لەو ساڵە بە دواوە کەوتوونەتە ناو جیهانی چیرۆکی کوردییەوە و بوون بە ئاکارێکی گشتی، وەک مەنەلۆج و مۆنتاج و جەفەنگ و ئەفسانە... هەرچەندە دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە ئەم جۆرە تەکنیکانە لەوەوبەریش بەکارهێنراون لە بوارێکی تەسکتر و ساکارتر».(١)

دەڵێم لەو چیرۆکنووسانە، مامۆستا ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی کە هەر لە سەرەتای دیاریکردنی ئەم قۆناغە نوێیەی چیرۆکی کوردییەوە نووسینەکانی لە بواری چیرۆکدا کەوتنە روو، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکیشی ساڵی ١٩٧٣ بە ناوی "کاروان بەرەو خۆر"ەوە بڵاو کردەوە، بەدوایدا لە ساڵی ١٩٧٧ "دەستەویەخە"ش لەلایەن زانکۆی سلێمانییەوە خرایە بەر دیدی خوێنەران، کە بەلای منەوە ئەمەی دوایی بووە مایەی برەودان بە پێگەی مامۆستا لە مەیدانی چیرۆکدا، بەتایبەت لە رووکاری بایەخدانیەوە بەمەسەلەی ئافرەت و ئەو کێشانەی لەو تەوەرەدا دەخولێنەوە، ئەمەش بە خستنەڕوویەکی بوێرانەی ئەوتۆ کە لەو سەردەمەدا کەم هەبوو لە نووسەران ئاوا ئاماژە بۆ مەسائیلی سێکس و پێوەندییەکانی نێر و مێ لە کۆمەڵگەی خۆماندا بکەن، بێباکا لە تانە و پلار و رەخنەی ناو کۆمەڵیش و نێوەندە ئەدەبییەکە.

دیارە ئەو چیرۆکانە و بابەت و ناوەڕۆکەکانیان هەروا و کتوپڕ سەریان هەڵنەدا، بەڵکو دەتوانین هاوشێوەی ئەوانە لە پێشتردا لە ناو بەرهەمەکانی: "ئەمینی میرزا کەریم – لێوی ئاگرین" و "عەبدوڵا میدیا– دەرۆزەکەر" و هەندێکی تر لە چیرۆکنووسانی پێشین ببینینەوە، بەڵام نەک بەوشێوە بوێرانەیە کە لە دوای حەفتاکانەوە کەوتنەڕوو. ئەوەی من ئاگەدارییم و لە خوێندنەوەی زۆربەی چیرۆکەکانیدا سەرنجم لێ دابن، ئەو یەک بابەتی و هاوشێوازییەیە لە نووسینیاندا، بەشێوەیەکە کە چیرۆکنووسن هەر لە "کاروانێ بەرەو خۆر"یەوە هەتا کۆمەڵە چیرۆکەکانی ناو کۆواری "رامان" کە هەتا ٢٠٠٨ بەردەوام پێشکێشی دەکردن،

مەسەلەی خۆخەریککردنێتی بەو تەنگوچەڵبەمە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانەوە لە ناو کوردەواریدا و ئەو بابەتانەی کە ئافرەت و کێشەی زۆر و زەوەندی رەگەزی مێ بەشێکی هەرە دەوڵەمەندیان بۆ خۆی داگیر دەکات.

**میتۆدی نووسینەکانیشی بە زۆری شێوازێکی برووسکەئامێزە و دەیەوێ رووداو و وتووێژەکان بە کورتترین و کەمترین رستە و دەستەواژە بگەیەنێتە خوێنەر**

کۆمەڵگەی کوردەواری وەک هەر کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتی دواکەوتوو کە ئافرەت و مەسەلەی ئابڕوو لە ناویدا ریزی پێشەوەی لە هێڵە سوورەکانی ناو پێوەندییەکانی گرتووە، بۆیە دەبینین کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەو چیرۆکانە ئەوە دەسەپێنن بەسەر نووسەردا کە ئاماژە بەو «پێوەندییە نادروست و حەرامانە» بدات کە لە عورف و نەریتی کۆمەڵەکەدا وا پیادە دەکرێن و بگرە تا ئەمڕۆکەش، لەمەشەدا نووسەر بە پێچەوانەی رێڕەو و شێوازی زۆربەی هاوڕێیانی خۆی بوێرانە کەوتووەتە باسیان و خستنە روویان و زوو زوو خۆی لە "ئەدەبێکی مەکشوف" داوە و ئەمەش بووەتە خەسڵەتێکی دیار و بەرچاو بەبەرهەمەکانیەوە. مامۆستا ئەحمەد لەو چیرۆکانەیدا پەلی بۆ زۆر لایەن و مەسائیلی ناو کۆمەڵ کێشاوە: سیاسی و نەتەوەیی، بە زۆر کچ بەشوودان، پێوەندیی دەرودراوسێ لە قووڵاییی ناو گەڕەکەکانی شاردا، بیر و بۆچوونی پروپووچی باوی کۆن، کێشەکانی گەنج و ئەو لکوپۆپانەی لێیان دەکەونەوە...

**تایبەتمەندییەکی تری چیرۆکەکانی ئەوەیە کە کارەکتەر و کەسایەتییەکانی ناو هەر چیرۆکێک هێند کەمن کە بە پەنجەی دەستێک دەژمێررێن**

میتۆدی نووسینەکانیشی بە زۆری شێوازێکی برووسکەئامێزە و دەیەوێ رووداو و وتووێژەکان بە کورتترین و کەمترین رستە و دەستەواژە بگەیەنێتە خوێنەر، فلاشباک سیمایەکی دیارە پێوەیان، کە جاری وا هەیە خوێنەر دەبێ زۆر بە وریایی لەگەڵ زنجیرەی رووداوەکاندا بڕوا و لە نێو ئەم تەکنیکە و مەنەلۆجە ناوەکییەی پاڵەوانەکەدا خۆی ون نەکات و زنجیرەی رووداوەکانی لێ بزر نەبێ.

هەر ئەم شێوازەشە لە نووسینی چیرۆکەکانیدا کە بەلای هەندێکەوە گوایە سیمایەکی تەمومژاوی نادیاریان لە خۆ گرتووە، بەڵام لە راستیدا وەک گوتمان ئەگەر خوێنەر لەگەڵ لەنگەری رووداو و دایەلۆگەکاندا بڕوا و ئاگای لە مەنەلۆج و ئەو جەفەنگانە بێ کە بۆ خستنەڕووی رووداو و دیمەنەکان بەکار هاتوون، ئەوا ئەو تەمی نادیارییە زوو بەزوو دەڕەوێتەوە.

تایبەتمەندییەکی تری چیرۆکەکانی ئەوەیە کە کارەکتەر و کەسایەتییەکانی ناو هەر چیرۆکێک هێند کەمن کە بە پەنجەی دەستێک دەژمێررێن، ئەمەش مایەی زوو حاڵیبوون و تێگەیشتنی خوێنەرە و وابزانم یەکێکە لە خاسیەتەکانی کورتەچیرۆکیش «چڕکردنەوەی رووداوەو کارکتەرەکان و خولانەوەیان بە دەوری مەبەستی سەرەکی لە چیرۆکەکە و گەیشتنە ئەنجام».




من بەم پێشەکییە چڕوپڕە دەربارەی نووسەر دەمەوێ پێشینەیەک لەبارەی نووسەر و چیرۆکەکانییەوە بخەمە بەردیدی خوێنەرانی خۆشەویست، لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە ئەو ئەدەبی سێکسییەی ئاماژەم پێ داوە لە چیرۆکەکانیدا ئەگەر لەگەڵ هەندێ بابەتی چیرۆکی ئەمڕۆدا بەراوردیان بکەین دەبینین کە هێشتا مامۆستا ئەحمەد رەچاوێکی زۆر زۆری عورف و کولتووری رەوشتیی کوردەواری دەکا و وەک دەڵێن «گەلێکی تیا هێشتووەتەوە» کە ئەمە هاوتای ئەو پابەندبوون و ئیلتیزامەی نووسەرە بە بەهارەوشتی و مەسەلە سەرەکییە پیرۆزەکانی ناو چیرۆکەکانە، کە دەیەوێ هەرچۆنێبێ نەیانکاتە قوربانی ئەو رووکارەی باس کرا.

ئەگین لە مەسەلەی سێکس و ئەو پێوەندییە تایبەتەی نێوان نێر و مێ "ئافرەت و پیاو"

زۆر دەگوترێ و راوبۆچوون لە دنیای هزر و کولتوور و باوەڕە ئاینییەکان زۆرە هەتا رادەی بەرەو پێشەوەچوونی شارستانییەکانیش هێندە حوکمەکانیان دژوارن کە ئێمە ناتوانین وا بە ئاسانی یەکالآیان بکەینەوە و بەراورد و هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام بدەین و بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە وەک "تحصیل حاصل"ێک بۆ ئەم دیاردەیە لە چیرۆکەکانی ئەحمەددا بەرگرییان پێ بکەین، بەلآم ئەوەندە هەیە کە سێکسیش وەک چالاکییەکی بایۆلۆجی دیار و پێویست لە گشت گیانلەبەراندا دەبێ شوێنی شیاوی خۆی بگرێ لە فیکر و رۆشنبیری مرۆڤدا، بەو بۆچوونەی مرۆڤ بالآترین گیانلەبەرێکی سەرزەمینە و ئەم غەریزە و چالاکییەشی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بووەتە پاڵنەر یا هۆکاری راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بزاڤ و جموجۆڵ و هەڵسوکەوتی رۆژانەی.

ئەمەی کە دەیڵێم شتێکی تازە نییە و سەردەمانێکە زانایان و، پسپۆڕانی بواری زانستی راوبۆچوونی جیاجیا «بەلآم نێزێک بەیەک»یان لە بارەوە خستووەتە روو: بەلای مارکسەوە سیکس و مومارەسەکردنی لە پاش خواردن و خواردنەوە دێت، لە پلەی پێویستیدا، بەلآم زانایانی ئازاد "مفکرون الأحرار" ئەو دووانە لە پێویستیدا بە پاڵ یەکیانەوە دادەنێن، لەولاشەوە "فرۆید" بە پلەی یەکەمی دادەنێ لە پێداویستییەکانی مرۆڤدا.

بە رووکاری هزری ئاینی و بەها رەوشتییەکانی ناو کۆمەڵگەکانیشدا، ئەگەر تەماشای ئەم دیاردەیە بکەین دەبینین "سێکس و ئەخلاق" خراونەتە پاڵ یەک و مەترسی و ئاڵۆزی کێشەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری تاوان و کاردانەوە نادروستەکان، بەتایبەت لە کۆمەڵگە رۆژهەلآتی و دواکەوتووەکاندا، لەم سەرچاوەیەوە سەرهەڵدەدەن و سەرچاوە دەگرن، ئەمە بە درێژایی مێژوو خۆی لە زۆر کارەسات و رووداوە مێژووییەکانیشدا بینیوەتەوە، شەڕی "تەروادە" لە ئەلیادە و ئۆدیسەدا تەوەرەکەی فڕاندنی "هێلین" بوو، پێوەندیی "ئەنتۆنیۆ و کیلۆباترا" لە میسر و ئەو رووداوانەی بە دوایاندا هات.

لە سەردەمی مێژوویی تازەشدا نموونەگەلێکی زۆر هەیە لەو چیرۆک و رۆمانانەی کە ئەم باسەی ئێمە بووەتە تەوەرەی سەرەکییان.

لە ژمارەی ٦٨ی ئەم کۆوارەدا، کاک "ئەردەلآن عەبدوڵا" باسێکی بە بڕشت و جوانی لەسەر هەمان مەسەلە لە ئەدەبی جیهانیدا هێناوە و لە بەرهەمەکانی کەڵەنووسەرانی وەک "تۆلستۆی، مۆلێر، بەلزاک، لۆرکا و مارکیز" نموونەی هێناوە بە خستنەڕوویەکی زیرەکانە بۆ هەریەک لە بەرهەمی ئەمانە و پرسی ئافرەت و ناموس کە چۆن بووەتە تەوەری

سەرەکی لە رۆمان و چیرۆک و شانۆگەرییەکانیاندا[٢].

بەڵام ئەوەی جێی باسە دەبێ ئەو پرسیارەش بهێنینە گۆڕێ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە، کە ئایا بۆ ئاوا ئەم کاری سێکسییە بخرێتە خانەی تاوانەوە، تاوانێکی شەرمئامێزی ئابڕووبەری قیزەوەن، لە کاتێکیشدا هەریەکێ لە مرۆڤ، وەک گوتمان، بە پێویستییەکی سەرەکی جەستەیی دادەنێ و هەوڵی بەئەنجامگەیاندن و تێرکردنی دەدا؟

تۆ بڵێی ئەم کارە سێکسییە هێندەی میزکردن و پیساییکردنی مرۆڤ قیزەون بێ؟ یا بە پێچەوانەوە، کارێکی بە بەها و بەرزی خواییە و (بوون) تێیدا دێتە دی، بەردەوامی ژیان و رەگەز و توخمی لەسەر وەستاوە.

**ئازادی رەها زیانی زیاترە لە قازانج و سنوورداریش دەبێتە مایەی ئاسوودەیی و گەشەکردن بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵ**

ئا لێرەوەیە کە ئێمە دەڕوانینە ئەم دیاردەیە لە بەرهەمەکانی ئەحمەد و هاوچەشنەکانی لای نووسەرانی تر، بەڵام بە رەچاوکردنی ئەو بەها و هێڵە سوورانەی باوەڕ و کولتوور و نەریتی کۆمەڵگەکەمان دەستنیشانیان کردوون... دیارە ئەم رایەی دوایی لەو هەست بە لێپرسراوییەوە دێت کە ئازادی رەها زیانی زیاترە لە قازانج و سنوورداریش دەبێتە مایەی ئاسوودەیی و گەشەکردن بۆ گشت ئەندامانی کۆمەڵ.

* کە ئەخلیسکێین – کۆمەڵە چیرۆک

لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی رۆشنبیری سلێمانی ٢٠٠٦

هەشت کورتە چیرۆک – ١١٦ لاپەڕە.

چیرۆکنووس بە "سەرەتایەک" دەستی بە پێشکێشکردنی ئەم بەرهەمەی کردووە و مەبەست و هەندێ سەرنجی خۆی تێدا روون کردووەتەوە، کە گرینگترینیان ئەمەیە کە: نووسەر نابێ بەپێی رێنوێنی و مواسەفاتی بیر و

ڕەخنەگران بەرهەم داڕێژێ، دەبێ  هەست و سۆز و حەزی ئەویش بەهەند وەربگیرێ.

بەگشتیکردنی نموونەی پاڵەوانەکان کارێکی ڕاست نییە و مەرج نییە پاڵەوانی چیرۆکەکە نموونە بێ بە گشت و بگشتێنرێ.

سێکس کارێکی میکانیکی رووتی نێوان نێر و مێ نییە "لەم چیرۆکانەدا" کە هانی خوێنەر بدات بۆی، بەلای نووسەرەوە ئەم کارە بەرپەرچدانەوەی سروشتی لە ناوچوونی "مردن"ە، چونکە ژیان ڕەوتی یەکبوونی دژەکان بەڕێوەی دەبات، نووسەر دەڵێ:

کەواتە ڕاستی باری ژیان کە سێکسە وەک ئەلەکترۆن "هیگل و تەنی" یەکێتییەکی عوزوییە لە چەند بەشێکی دژبەیەکدا.

لە کۆتاییدا دێتە سەر تێکەڵکردنی "ئەخلاقی و سێکسی" و لەولاشەوە "ئافرەت – مێینە" وەک لایەنێکی سەرەکی هاوکێشەیەک بۆیان قوت کردووەتەوە، ئەمەش دواکەوتووترین جۆری بۆچوونە لەم مەسەلەیەدا.

نووسەر لە یەکەم چیرۆکدا "تریفەی مانگەشەو" باس لە گەنجێکی هەڵاتوو دەکات لە شارەوە بۆ لادێ و بەجانتایەک کتێبەوە لە ماڵی خزمێکیان دەگیرسێتەوە؛ گێژاوی فیکری و نەگیرسانەوەی لەسەر خاڵێکی دیاریکراو و پەرشوبڵاوی بیرکردنەوە و خولیاکانی دەیانخەنە گێژاوێکی وەهاوە کە حەز بە گەڕانەوەش دەکات بۆ ناو شار:

« دامێنە زبر و لێژەکەی ئەوبەر و ڕیزە شاخە دوورەکەی کە زوو زوو لە دڵتا دەتوت: بچیتە سەر ئەو لووتکە بەرزەیان چراکانی شار دیارن».

ئەم گەنجە لە خوێندنەوە و بەدواداچوونی لەوەوبەری پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بۆ خۆی پێک هێناوە، دەبینین "شۆبان" و "ماری" دۆستی دەناسێ و شتەکان بە بابەتی ناوکتێبەکان بەراورد دەکات.

سەرەنجامی گێژاو و ناڕەحەتی بیروهۆشی تەسلیم بە حەکیمێکی خۆماڵیی ناو دێیەکە دەبێ تا سەرئێشەکەی چارەسەر بکات و دەچێتە ماڵی "مام ڕەحیم" و لێرە "ئەختەر"ی ژنی دەبینێ، شۆخ و جوان و پڕ ئارەزوو، بۆ دوای دوو ڕۆژ خۆی دەگەیەنێتێ و «لە چاوەکانیا نهێنییە شاراوەکانی پێرێی شی دەکردەوە، کە دانەوییەوە کاسە دۆیەکە لە بەردەمیا دانێ بە نازێکەوە دەستی گرت بە یەخەی شۆڕی کراسەکەیەوە، بەرمور و سمڵ و مێخەک ڕژانە بەردەمت».

چیرۆکەکە لە زمانی کەسی یەکەمەوە دەگێڕدرێتەوە، خەونێکی دوو شەو لەوەوبەری

گەنجەکە دەری دەخات کە هۆی راکردنی بۆ ئەم دێیە لە دەست سەربازییە، جا وەک زۆر لە هاوشێوەکانی لێرەش ناحەوێتەوە، بە بیر و هۆشێکی پەرتەوە دەیەوێ ئاسوودەییەک بە خۆی بدات، ئەویش لە رێی ئەو پێوەندییە نهێنییەی بە ئەختەرەوەی دەبێ.

ئەو ژنە جیاوازە لە ژنەکانی تری ناو دێ، ئەو بە چاوێکی شارەزا و لێزانانە دەڕوانێتە پێوەندییە نهێنییەکەی لەگەڵ ئەم گەنجەی تەنیا ١٨ ساڵ تەمەنیەتی: «ئەو زۆر بە پیاویدا هەڵنەدەڕوانی، چونکە دەیزانی هەتا قسەش پارسەنگی ئەو کاتە رەخساوە لەپڕە نییە بۆ هەردوو لا. قسە هەرچییەک بێ ناگا بە هەناسەیەکدا کە دەتاسێ و لە گەروودا دەگیرێ... پەنگ دەخواتەوە... ناو لەپی تاوی سەند و چاوە رەشەکانی کەمێ بە قووڵا چوون و تیشکێکی سەیریان تێ دەگرتی.

لێوەکان لەیەک چەسپ بوونەوە و بێدەنگییەکی ئاڵۆز لە ژوورەکەدا دەهێنرا و دەبرا، تەپەی قاچی وڵاخەکانی، سمکۆڵی ئەسپە بەستراوەی سەر ئاخوڕەکە... ئەو پارچە سیمفۆنیایەیان دەهێنایە دی کە زرنگەی بازنەکانی دەستی ئافرەتەکەی ناو باوەشت بەشێکی هەرە بچووکی بوو».

ترس لە نەریت، لە ئابڕوو، لە کۆمەڵ و پیاوەکەی، وا دەکات ژنەکە لە کارەکەی پەشیمان بێتەوە و: «چووە لای دەرگەکەوە وەستا و، وەک دەرتکات وتی: چیت پێ کردم... بۆ هاتی ئابڕووم چوو!! بێ ئومێدی لەم پێوەندییەش سەرباری چەڵەمەکانی تر، گەنجەکە سەرگەردانتر دەکات، بۆیە بەزمانی "بایرۆن"ی شاعیرەوە کە بە خۆشەویستەکەی دەڵێ: «هەمیشە بە دوای خۆشەویستییەکی راستدا دەگەڕام... بەڵام قەت چنگم نەکەوت.»

لە «کزەیەک لە زستاندا» کە دووەم چیرۆکی ئەم کۆمەڵەیە لە رۆژێکی چلەی زستانی زوقم و تۆفی یەکێک لە لادێکانی کوردستاندا کە لەوە دەچێ لەسەر سنوور بێ، دیمەنی مزگەوتێکی ئەو دێیە کە لە رۆژێکی وەهادا شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی ناو دێیە، سۆفی لەگەڵ ئەوەی "بەهێ"ی ژنی تەڕ و لەبار و شۆخ بوو، هەموو جەستەی ژین و خۆشی بوو، دەشیزانی و هەستی بەو پێوەندییە نهێنییە کردبوو کە وا لە نێوان ئەو و "بایز" دایە، بایز یەکێکە لەوانەی سۆفی مامەڵەی قاچاخچێتی لەتەکدا دەکا ، زوو زوو هامۆشۆی ماڵیان دەکات.

سۆفی لەو شەوە سەهۆڵبەندانەدا لەگەڵ بەهێ جووت دەبێ، بەیانیش سەهۆڵی سەر حەوزەکە دەشکێنێ تا خۆی پاککاتەوە: «چوونە ناو ئەو بەستەڵەکەوە لەم رۆژەدا نرخێکی

گران نییە بۆ ئارام گرتنێک لەو کۆشە گەرمەدا.» وەک گوتمان سۆفی هەستی بە پێوەندییەکەی بەهێ و بایز کردووە، بڕیاری تۆڵە و سنووردانان دەدات بۆ ئەمە، بەتایبەت ناو دێ، ئەم و ئەو بە پلار و توانج جەرگیان کون کون کردووە.

«کە فەقێ ئەوی دی بەچاو ئەوانی تێ گەیاند، ئەمە لە سۆفی نەشاررایەوە، فێسەیەکی تیژتر لە سەرماکەی دەرەوە ئاراستە کردن و هەستا و قین وەک گەرداو شەپۆلی دەدا لە روویدا.»

بە بیانووی سۆراخکردنی کەلوپەلەکانەوە سۆفی و بایز ئەمشەو دەڕۆن بەو دیودا «کۆتایی هێنان بە ژان و ئازارەکانی ساتە تیژڕەوەکان بارێکی باشی بۆ ساز بووە.

بەهێ خورپە دای لە دڵی و خۆی نەگرت:

– بەم شەوە... گوایە رۆژ نابێتەوە؟!

– شەو قەڵای مێردانە.

سۆفی کە دەڕوا جار جار سەیرێکی لای تاقەکەشی دەکا، سوچێکی ئەو قایشە قاوەییە دیاربوو!!

بۆ بەیانی بەهێ چاوەڕوان بوو، دەترسا لەوەی ئەو دووانەی شەو رۆیشتن یەکیان دەگەڕێتەوە، دەترسا بایز نەبێ.

«وردوخاشبوون» چیرۆکی سێیەمە لەم کۆمەڵەدا، باس لە سەرەڕۆیی و ونبوونی هەندێ لەو گەنجانە دەکات کە بە خۆیانەوە کەسانی تریش گیرۆدە دەکەن.

کچێکی خوێندکاری زانکۆ دەکەوێتە داوی خۆشەویستییەکەوە کە بۆی دەبێتە مایەی کێشە و گرفتێکی گەورە، کاتێ ساویلکانە خۆی دەخاتە بەردەستی یەک لە هاوڕێکانی و ئەویش بە هاوڕێکانی تری دەناسێنێ:

– من تەنیا تۆم خۆشدەوێ... ئەمە چۆن دەبێ؟

– ئۆهۆو، دیسانەوە، ئەم ئەقڵە مۆنە چییە دەبووایە سەد ساڵ لەمەوبەر خوا دروستی بکردیتایە.

– ئەمە چی پێ دەڵێن؟

– ژیان، ژیان هەمووی وایە... تا گەنمت نەدایەترێت دەست نەدەکەوت»

رووداوەکان لە بنکەیەکی پۆلیسی ئەو گەڕەکەوە دەست پێ دەکەن، کاتێ کچە دەهێنرێ و

هەرسێ کوڕە خوێندکارەکەش دەگیرێن، گومان و بڕوانەبوون کچە تووشی دەمە دەمێ دەکات لەگەڵ پۆلیسەکاندا و ئەوانیش بە باشی مامەڵەی لە تەکدا ناکەن، خەڵکی گەڕەک سکالایان بردووەتە لای بنکەی پۆلیس چونکە ئەو ماڵەی ئەوانی تێدا گیراوە، بووەتە شوێنی بێ ڕەوشتی!.

لە زنجیرەیەک فلاشباک و دایەلۆگدا ئاستی زانین و خوێندنی ئەم گەنجانە دەردەکەوێ، بەلام نە زانیارییە فەلسەفییەکان و نە پلەی خوێندنیان دادی ئەوەی نەداون کە لەو کێشەیە رزگاربن، سەرەنجام دەردەکەوێ کە ئەم کچە «کچی کابرایەکی بەرەلای بە هەڵپە، دایکێکی دڵسووتاوی دیل لە ژیانێکی سەرەولێژی بێ ئەنجام.. دوو برای سەرەڕۆی جلەو پچڕاوی خلیسکاو، خۆیشی نێچیرێکی باڵکراوی دەستەمۆ.

سێ ڕۆژ دوای ئەمە کچە خۆی دەسووتێنێ و، لە دەفتەری رووداوی ڕۆژانەشدا هەمان پۆلیس دەنووسێتەوە کە: «لەبەرئەوەی کەسێ نییە گومانی لە رووداوەکە هەبێ یاخۆی بە خاوەنی بزانێ بڕیار درا بە داخستنی.»

ئەم چیرۆکە لە مارتی ١٩٧٨دا نووسراوە.

لە چیرۆکی چوارەمدا کە بە ناوی "ڕاو"ەوەیە، سێ لاوی هەلاتوو لە شارەوە بۆ یەکێ لە لادێکانی سەرسنوور، لەلای بێستانەکەی "مارفی مامە عەزە" خۆیان داڵدە دەدەن، ناچنە ناو دێ، لەبەر هەر هۆیەک بێ.

"فەرەیدون" کاتەکانی بە خوێندنەوە دەباتە سەر، دووانەکەی تر بەو هەردو شاخەدا دەچن و ڕاو دەکەن، کێشەکە لە نێوان مارف و "خولە چەرچی" دایە، خولە چووەتە شار و جێی خۆی کردووەتەوە، مەیلی لێیە "توبا" بخوازێ، بۆ ئەمە هانی باوکی داوە تا بارکەن بۆ شار و: «چیت داوە لەم شەڕە سەگە، سەگ سەگێنەی لادێ، وەرە شار و کارێکی پاک و تەمیز بکە، لەتە خانوویەکتان بۆ هەڵدەسوڕێنم و سەری تێدا کز بگرن." ئەمە یەک لە دیاردە باوەکانی سالانی دوای ١٩٧٥ بوو، توبا ڕۆژانە سەردانی مارف دەکات، لە بێستانەکەوە سەوزە و کاڵەک دەباتەوە، هەواڵی ئەمە و کێشەی بارکردنیان سەر و دڵی مارف دەگرن، برادەرەکەشی لە شارەوە بۆی دەنووسێ کە:

«ئیستا ئەو شارە نەماوە کە جار جار دەهاتی... بڕوا بکە دووکان بەرناکەوێ و لە ڕاستە جادەیەکدا دە دوانزە مەحەللی قۆنتەراتچی تێدایە.» دەبێ ئەو سەرنجەش بدەین کە نووسەر ئەم چیرۆکەی لە ئابی ١٩٧٨دا نووسیوە، یانی کە دەسەلاتی ڕژێم بە تەواوی لە سنوورەوە

بەسەر گشت ناوچەکاندا بەرپا بووە.

"ئومێد" یەکێکە لەو سیانەی تر، تاپڕەکە دەبا و راو دەکات، کەمێ لە رێوشوێنی راووشکاریش دەزانی و شارەزایی لە پرەنسیپەکانیدا هەیە.

«راوچی نابێ پەلە بکات، زۆر جار واز لە نێچیرێکی قەڵەو و باش دێنێ، چونکە شوێنەکەی لەبار نییە، دەبێ پارێزی باشت هەبێ، مسۆگەری کەیت و ئەوسا خەمی ئەنگاوتنی بخۆی.

– ئەی ئێستا؟




– ئێستا تۆ کردت و یەکێکی تر دەیخوات، خوا دەزانێ کەی و لە کۆی زامەکەی زەیف لێ دەستێنێ و بەو زامەوە هەڵدەدێرێ.»

سەرەنجام توبا ماڵیان بار دەکا و باوکی خانووەکە تێک دەدا، دەرگە و پەنجەرەی دەردێنێ، مارف سوێند دەخوات کە لە جێی یەکێکی باشتر بنیات دەنێ و: «حەوت رۆژ دوای ئەمە کابرایە لە شار بە دوی کچەکەیدا لە سۆراخدا بوو... بە چرپە و پەنهانی دەیپرسی، دەترسا لەوەی شتەکە ئاشکرابێ و ئابڕووی بچێ.»

کاتی خۆی نووسەر لە ١٩٧٧دا ئەم چیرۆکی پێنجەمە "کە ئەخلیسکێین" و لە تەک "وردوخاشبوون"دا پێکەوە بە رۆنیۆ لە چاپی داون و شەست دانەیەکی بەسەر برادەرانی نووسەر و خوێندەواریدا دابەش کردووە. ئێستاش ئەم کۆمەڵە هەر ناوی ئەمەیانی دراوەتێ و تا رادەیەک چیرۆکێکی درێژە یانی دەشێ بە "نۆڤڵ" بدرێتە قەڵەم.

ناوەڕۆک و باسەکەی شێوەی رەمزییەکیان لەخۆ گرتووە، بە رواڵەت لاوێکە خاوەن

ڕۆشنبیرییەکی تا ڕادەیە مامناوەندی، بە مەنەلۆجێک را و سەرنجەکانی خۆی لە دیاردەکانی ناو بازاڕ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەردەبڕێ و هەتا ترسی لە بار و ڕەوشی سیاسی دنیاش هەیە بەدەست زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارەی شەڕی ساردی نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە کە گەلانی جیهانی سێیەم تێیدا ببنە قوربانی. «یەکێ لە پاسەوانەکانی بنکەیەکی مووشەکی ئەتۆم لە -کۆلۆرادۆ- ئەمڕۆ تووشی جۆرە شێتییەک بووە و پەنجەی ناوە بە دوگمەی تەقینەوەدا... ئاگەداری بۆ دانیشتووانی دوورگە زۆرەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، تکایە ئەو مووشەکە بەرەو ئەو ناوچەیە دێ.»...

لە گێژاوی ئەم ترس و بیمە جیهانییانەدا تووشی دەبێ بە ژنێکی جوانی ئارەزوومەندەوە، "ڕووناک" ژنی کرێکاری کارگەیەکە لەگەڵ بیروڕای چەپ و لایەنگری بۆ گرووپە چەپەکان، بەڵام ئالوودەی نادی و خواردنەوەیەکی ئەوتۆیە کە ماڵ و منالی پشتگوێ خستووە: «خۆ ئەو دەستنیشانی ئازارەکانی دنیا دەکا و جارجار چارەشیان بۆ دادەنێ. زۆر دوور نەڕۆین "شیلی"... دەرانی ئەمریکا بۆ سەرکەوت و "ئەلێندی" ڕووخا؟. چونکە کابرایەکی نەرم بوو، بڕوای بە ڕێککەوتن هەبوو لەگەڵ دوژمنەکانیدا. بەڵام کەی ئاو و ئاگریان وتووە. کاسترۆ سەرکەوت و مایەوە.»

کە ئەم گەنجە بە ڕووناک دەگا و لە ماڵی خۆیان «دەمی لەسەر سنگی بەرەوژوور برد تا لە نێوان ڕوومەت و لێویدا تینی دایە خۆی مژی... بە هەردوو لەپی دەستی قەفی ئالۆسکاوی قژی کەمێ لوولی گرت و لای دا، دەمی خستە ئاستی ناوشانی قەڵەوی بە زمان ختووکەیەکی ناسکی دا، کام شوێن زۆر نەرم بوو لە نێوان ران و ئەژنۆیدا گرتی.. بەڵام بێ ئازار.»

ئاوڕی دایەوە و توونە نووسانی بەخۆیەوە، گیانی دەلەرزی و بەری دەستی دەتگوت تا لێی هاتووە، بەڵام لەگەڵ شەپۆلی بزە و زەردەخەنەدا گەشکە دەیگرت و بەری دەدا، ئیتر لە بەردەستیدا لە هۆش خۆی چوو.»

بەم دیمەنانەوە و دووبارەبوونەوەی پێکگەیشتنی ئەو ژنە عاشقە و ئەو لاوەی لەسەر و بارێ خۆی نەدەگرت، کابرای مێردی بە پێوەندیی ئەو دووانە دەزانێ، تۆڵە لە سەندنەوەی ناموسی و هێنانەوەی ئابڕووی ڕوشاوی لەوەدا دەبینێ کە «لاشەیەک لەسەر شەقامێکی چۆڵی خوارووی شار دۆزرایەوە، شوناسەکەی دەڵێ:

١- ناوی ڕێبوارە، قوتابییە.

٢- سێ سەعات بەر لەمە گیانی سپاردووە، بەهۆی لێدانی ئۆتۆمبێلەوە. دوای ئەمە بە سێ ڕۆژ ڕووناک کە کراسە ڕەشەکەی بەری ئەوەندەی تر جوانی کردبوو، هەستی کرد یەکێکی تر وەک ڕێبوار بە دوایەوە هەنگاو دەنێ.»

نووسەر دەیەوێ لە چیرۆکی "لە پەنا دەوەنێکدا" یەک لە ڕۆڵە قارەمان و خۆنەویستەکانی کەرکووک کە پێشمەرگەیەکی چاونەترسی دڵسۆز بوو، هەر بەو شکۆمەندییە یادی بەرز ڕاگرێ و "ئەرپە" بخاتە چوارچێوەیەکی نەمرییەوە. ئەویش کە دەیکاتە پاڵەوانی ناو ئەم چیرۆکە و ڕووداوەکانیشی لە ناو شارەوە پەل دەهاون بۆ لادێ و دیسانەوە بۆ ناو شار.

وەک ئەوەی پێشوو، ئەمیش دەکرێ بە نۆڤلێک حسێب بکرێ، کراوە بە سێ بەشەوە، هەریەکەی پێوەستە بەوی دوای خۆی وەک تەواوکەری یەکتر، لە تەموزی ١٩٨١دا نووسراوە.

نووسەر وا دەست پێ دەکات: «ملەی دووگرد، بەلێژییەکی کەمەوە دامێنەکانیان داکشابوونە سەر یەکتر و ئاودڕێکی باریک لەیەکی کردبوون... زۆر شت لەم دێیەدا لە ناکۆکی و دژایەتییەکی تیژدا بوون. زۆری تریش لە تەبایی و کۆکی و گونجاندنێکی تەواودا بوون، بەڵام هەردوولا قۆرت و تەگەرەی خۆیان کەنەفتی کردبوون.». دیمەنەکە دەخاتە سەر سەگەلی ئاوایی کە دوای دەڵەبەبایەک دەکەون، لەولاشەوە سێ چوار ژنی گەنجی گوندەکە قۆشمەیی بە عەلە شێتی ناو دێ دەکەن، ئەو عەلییەی لە دڵڕەقی و توندوتیژی باوکیدا ئاوای بەسەردێ. «گۆرانییەکەی ئەم لە هی مناڵێک دەچوو کە بەناو داربەڕووەکانی ئەوبەردا دەڕۆیی و لە ترسان دەیویست گوێی لە دەنگی بێ، ئەگەر هی خۆیشی بێ.»

لەو ژنە گەنجانە "حەیات"یان لە هەموان لەبارتر و بزێوترە، بێوەژنێکە بە حەزی خۆی باوەشی بۆ دنیا کردووەتەوە، لە ڕێی ئەو گفتوگۆ و دیالۆگەی نێوانیانەوە ئەوە دەردەکەوێ کە هەریەک لە - کاڵێ، پەریزاد، زەکێ و ناهی- کێشەی خۆیان هەیە وەک ئافرەت و لە ڕێی ئەو گفتوگۆیەی خۆیان و عەلییە شێتەوە دەری دەبڕن. «دوایی حەیات دەبێتە هاوسەری عەلی».

حەیات دەچێتە شار و خانوویەک دەگرێ، ژوورێک دەدا بە "ژاڵە"کە لە ناو دێ کۆمەڵێ پەتیارە و سەرەڕۆ دەوروخولی دەدەن «لە شەوێکی فێنکی بەهارێکی درەنگدا بەرەو شار بوونەوە، وەک هەزارەها خەڵکی تر تیا دانیشتن.»

ژاڵە ئەو کچە جوانە خوێندکارەی لە ژوورێکی ماڵی حەیاتدایە، کەم کەم دادەخزێ و لە

ڕێی ڕاست لادەدا، «لێوی لیکاوی لە ناو شانیەوە خشاند بەرەو ژێر باڵی چەپی و لە نەرمایییەکەی ژێر پەراسوویدا ددانەکانی خستەکار بۆ گازێکی توند.»

کۆتاییی ژیانی ژاڵەش هەر بەوە دەبێ کە «کە مردن دێ و سنووره مەزنەکەی نێوان بوون و نەبوون دەکێشێ، دەچینەوە دۆخە ئەسڵییەکەی خۆمان، ڕەنگە سروشتییە دێرینەکە سەر رووماں دەگرێ، ئەو هەموو فیز و خۆ بەشت زانینە، دەماخ و هەوا و بەرزییە، رق و ئارەزوو گشتی دەڕوا».

ئەوەش هەیە کە لە نێوان تەکنیکە جۆراوجۆرە بەکارهاتووەکانی ناو ئەم چیرۆکەوە خوێنەر دەبێ زیرەکانە دەوری ئەرپە بزانێ کە بزوێنەری ڕەوڕەوەی ئەو بەشەی ناوچەکەیە و دەشێوێ کارەکان بە ڕێگە ڕاستی خوازراودا بچن، بۆیە دەستوور دەدات بە ڕاستکردنەوەی ئەو چەوتییەی ژاڵە وردە وردە تێی دەخزا.

ئیتر دوای ژاڵە «ژیان وەک خۆی بەردەوام بوو، ئەرپە و عەلی بێ ترس بە ناو داربەڕووەکاندا دەڕۆیشتن».

بەڵام چیرۆکی "گومان" بەدەر لەوانەی پێشوو، دەمانباتە قاوشی یەک لە نەخۆشخانەکانی ناو شار و دیمەنی بریندارێکمان بۆ باس دەکات کە بەهۆی پارچە بۆمبایەکی شەڕی عێراق- ئێرانەوە کە دەیدا بەشاردا، ئەو لە سەرەمەرگدایە.

بەڵام بێ ئەوەی کەس بزانێ یەک لە نەخۆشەکانی بەرامبەر ئەو بریندارە شتێک پێکیانەوە دەبەستێ!

دوای کەمێ، بە مردنی بریندارەکە ئەم فرمێسک دەرژێتە چاوی «نەیدەزانی ئەم فرمێسکانە بۆ؟، لە خۆشیدا کە گومانەکان لە دەروونیدا سڕانەوە، یان ئەوەی ئەو ویستی بیکات بۆمباکەی ئەو ڕۆژە کردی.»

بێوەژنێکی گەنجی جوان، نەداری دەستکورت، کوڕێکی بێکاری دەست سپی، کابرای خاوەن کارگە لای خۆی دەیکاتە کرێکار لەسەر ئامێری بەرد لەتکردن. ئەویش بەو مەبەستەی لەو دایکە جوانەی نێزیک بێتەوە.

«- تۆ بڵێی وابێ، ئەی بۆ هاتوچۆ دەکات؟!»

- هەر لە ڕۆژانی ڕەحمەتی باوکتەوە پێمان لێ نابڕێ... خوا دەناسێ.

- بەڵام خەڵکی خوا ناناسن.»

کوڕە لە گێژاوی گوماندا تل دەدات، قسە و پلاری تۆکڵداری ئەم و ئەویش هەناویان

کون کون دەکرد، ئەو واز لە خوێندنەکەی دێنێ بۆ یارمەتییەکی خێزانەکەیان، بەڵام دەبینێ کابرا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هامشۆی بۆ ماڵیان زیاتر دەبێ.

« تەنیا چەرخەکە و نووکی تیغەکە تیژ و سەخت نەبوو، بەردەکەش بە هەڵپەوە خۆی دەخستە بەردەمی و بۆی شل دەبوو، بێ گیان لە بەردەستیدا دەکەوت... تا وردە وردە یەکالای دەکردەوە، لایەکی بەڕاستدا و ئەویتر بە چەپدا، لە نێوانیشدا تیغەکە بە نووکە ئەڵماسەکەیەوە لەسەرخۆ، بەهێزی ئەو تنۆک تنۆکە ئاوەی دەڕژایە سەری بەرەو پێشەوە دەڕۆی... دەڕۆی».

بۆیە ئیتر کوڕە بڕیار دەدا تۆڵەی ئابڕووی تکاویان بسێنێ، یا سنوورێک دانێ بۆ ئەو گومانەی ژیانی لێ تاڵ کردووە.

لەو ساتەی ئەم دەیەوێ تۆڵە بکاتەوە، هەر لەو ساتەدا بۆمبای تۆپێکی ئێران دەیدا بەو شوێنەی کابرای لێیە و پارچەیە ئامبازی دەبێ و دواجار ئەوەی کوڕەکە ویستی بیکات ئەو پارچە تۆپە ئەنجامی دەدا.

بەلای منەوە، ئەم چیرۆکە لە سەرکەوتووترین چیرۆکی ناو ئەم کۆمەڵەیە، بە بابەت و شێواز و ئەو تەکنیکەی تێیدا بەکار هێنراوە، جگە لە وەسف و دیمەنەکانی.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، کە بریندارەکە برایە نەخۆشخانە ئەم کوڕە بەچ هۆیەک هەر لەو قاوشەدا بەرامبەری کەوتبوو و چارە دەکرا، تۆ بڵێی ئەویش پارچەی بەرکەوتبێ؟

نووسەر هیچ ئیشارەیەک بۆ ئەمە ناکات.

دوا چیرۆکی ئەم کۆمەڵە "بەدامێنیشاخێکەوە" یە، کە باس لە پێشمەرگەیەک دەکات لە هەشتاکاندا و دەیەوێ ئەو نامە و راسپاردەیەی پێی دراوە بیگەیەنێ بە شوێنی خۆی، شوێنی ڕێ ڕۆیشتنی دامێنی شاخی سورێنە، ناو دۆڵ و چڕ و باسکی سەختی ئەو کێوەی کە سەرەنجام دەبێتە مایەی چەندەها بیر و وێنای ترس و بیم، بەو تەنیاییە کە ڕێگە هەڵدەگرێ دەیان ڕووداو و بیرەوەری ناخۆش بە مێشکیدا گوزەر دەکا و ناوە ناوە دەشیانبەستێتەوە بەو واقیعە کە ئەو ساتەوەختە تێی کەوتووە: «نمە نمە باران دەباری کە بەردا و بەرد و دەوەن بە دەوەن بەم کەلە سەختەدا هەڵدەزنام، لای کانییەکەوە تێ پەڕیم و گوێم لێ بوو بانگیان دەکردم، بەناوی خۆم هاواریان لێ دەکردم. ئاوڕم نەدایەوە: بڕۆن بە لەعنەت بن، چیتان لێم دەوێ.»

کپی و چۆڵی ناو شاخ و زەوەندەکە دەیباتەوە بۆ کاتی خوێندنی لە زانکۆ و، بۆ باسێکی

بابەتی فەلسەفە کە لە گشت بابەتەکانی تری لا خۆشتر بوو، پێکەوە لەگەڵ "سازگار" لەسەر ئەوە کۆکبوون کە:

«خۆشەویستی رواڵەتێکی تری ئەو بەربەرەکانییەیە کە گیانلەبەر بەرامبەر مردن دەینوێنێ، هەنگاوێکە بۆ جوتبوون، لە ئەنجامی ئەمەی دواییشدا بووەیەکی نوێ دێتە کایەوە، ئەمەیان لووتکەی زاڵبوونە بەسەر مردندا.» سەرنجی سەرەتای کۆمەڵە چیرۆکەکە بدە.

چیرۆکەکە بەوە پێزدارترە، کە بیر و بیرۆکەکانی ئەو پێشمەرگە لاوە کە لە سەرەنجامی دیقەتدانی لە دیمەنەکانی ئەملا و لای رێگەکەوە دەیاندەبڕێ... گشتیان لە ئاستی پلەی زانیاری خۆیدان.

«دنیای ئەمڕۆ هەروەک جارانە... گەلحۆکان وەک خۆیانن... تاوانێکی گەورە و لێفەیەکی شڕ».

خۆ کە جار نە جار لەگەڵ سازگاردا پێک دەگەیشتن، ئەوە دێتە سەر باسێکی وردی ئەو ژوانە و خستنەڕووی پرسە هەمیشەییەکان: «دوو ئەلەکترۆن لە ئۆرپیتاڵێدا هاوبارگەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە بارگەکانیان نێگەتیڤە ئەتوانن بژین... بۆچی و چۆن؟» ئەوەی دەمێنێ ئەم چیرۆکە لە شوباتی ١٩٨٤ دا نووسراوە.

بەم جۆرە دێمە سەر کۆتاییی ئەم خوێندنەوەیەم بۆ ئەم کۆمەڵە چیرۆکە و دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەحمەد بەمانە و بەو چیرۆکانەی ناو کۆواری رامان «کە هیوادارم لە داهاتوودا بچمە سەر ئەوانیش» توانیویەتی شوێنێکی جیاواز بۆ خۆی لە رێڕەوی چیرۆکی کوردیدا تەرخان بکات... هەر بە هێمنی و لە پەناوە.

(١) حەسەن جاف: چیرۆکی نوێی کوردی، مطبعە علاء بغداد ١٩٨٥ ص ٣١.

(٢) کۆواری نەوشەفەق: ئەردەڵان عەبدوڵا- ئەدەبی جیهانی و پرسی ژن کوشتن و... لاپەڕە ٥٠-٧٠.